# حکومەتی کوردستان لە هەڵەبجە وەک ماری ئەنتوانێت بیر دەکاتەوە!!

قادر نادر

گەورەترین خەڵکی قوربانی لە شۆڕشی ئەم جارەی گەلەکەمان قوربانیانی ئەنفال ، هەڵەبجە ، ناوچە تەعریب کراوەکانە بەتایبەتی کەرکوک ، کە چی بەداخەوە لە15 ساڵی ڕابردودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان بە خەڵکی ئەم ناوچانە نەداوە ، هەڵەبجە یەکان ماوە ماوە خۆپیشاندان وناڕەزایەتی دەردەبڕن کە پرۆژەی خزمەتگوزاریان نیە و بەرپرسانی پارتی ویەکێتیش تا ئێستا تەنیا پەیمانی خۆشگوزارانیان پێ دەدەن , بەلام لە بواری پراکتیکدا هیچ پرۆژەیەکیان ئەنجام نەداوە. کەرکوک زبڵدانێکی گەورەیە ، پاشماوەی خەڵکی ئەنفالکراویش خراپترین ژیانیان گوزەر کردوە ، کە دەبوایە خەڵکی ئەم ناوچانە زۆرترین پرۆژەیان بەر بکەوتایە .



لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکم لە ڕۆژنامەی هاولاتیدا خوێندەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە دروست کردنی ئوتێلێکی چوار ئەستێرەیە بۆ شاری هەڵەبجە .پرسیار ئەوەیە شارێک بونی کیمیاوی تا ئێستا لێ دێت و ماوە ماوە خەڵک بەهۆی مانەوەی کاریگەریەکانی چەکی کیمیاوی ونەبونی پێداویستی تەندروستی کۆچی دوایی دەکات ، ماڵی عومەری خاوەر کەلاوەیە ، کارەبایان نیە، ئاو، شەقامەکان هەموی پێویستی بە گرنگیدانە... کەچی حکومەتی کوردستان بڕیاری ئوتێلی چوار ئەستێرەیی دەدات!!؟ . ئەم داهێنانەی بەرپرسانی هەڵەبجە ، چیرۆکەکەی هاوسەری لویسی16 می فەرەنسی ماری ئەنتوانێتی بەبیر هێنامەوە ، کاتێک خەڵکی فەرەنسا لەبرسا شۆرشیان بەرپا کردبوو ، پرسی بووی هۆی چیە ئەم خەڵکە وا لێمان ڕاپەڕیوە ، لەوەلامدا پێیان ووتبوو کە خەڵک نانی نیە بیخوات ، ئەمیش لەوەلامدا وتبووی با بچن کێک بخۆن؟

دەڵێم دەبێت داهاتی کوردستان لە بەر ناوچەو شارەکانی زێدی بەرپرسە پلە یەکەکان بەشی هەڵەبجە نەکات ، بۆیە بیانەوێت بە قازانجی پارەی ئوتێلی چوار ئەستێرەیی خزمەت بەخەڵکەکە نەکەن ؟

http://www.hawlati.com/12dvbghoo/content.asp?contentid=1785

http://www.hawlati.com/12dvbghoo/content.asp?contentid=1807

-------------------

وێنەکە لەرۆژنامەی هاولاتی وەرگیراوە